# شەهید شێخ مارف بەرزنجی

## " ئێمە ئەگەر بە گوڵیش نەبین ، ئەبینە گڵ بۆ گوڵ 1 "

فەخرەدین گەرمیانی
کۆنگۆی دیموکرات

شێخ مارف بەرزنجی ئەو پیاوە مەرد و بە ئەمەکەی شاری کەرکووک و گەرمیان بوو سەرەرای سەختیی باری ژیانی ئابووریی ئەو سەردەمە ، هەر هەژارێکی کورد لە کەرکووک و گەرمیان گەر پێویستی بە پارێزەر (محامی) ببوایە بۆ هەر کێشەیەک ، بێ سێ و دوو رووی لە ماڵەکەی ئەو ئەکرد ، چونکە ئەیزانی ئەو پیاوە هەژار پەروەرەو هەرگیز دەست بە روویەوە نانێت ، ئەوەنە بە تەنگ هەژارو دەستکورتی کوردانەوە دەهات کە هەڵبژێردرا بە سەرۆکی شارەوانیی شاری کەرکووک ساڵی **1958** لە یەکەم کۆبوونەوەی لەگەڵ فەرمانبەرانی شارەوانیی گوتبووی (( **بۆ هەر نەمامێك لە کەرکووك دەبێت هەژارێکی کورد دامەزرێنم 2** )) و هەوڵئەدەم بەو پەڕی توانام کاروبژێوی گونجاو بۆ هەژارانی کورد لە کەرکووک دابین بکەم. شێخ مارف لە بنەماڵەی ناوداری نیشتمانپەروەر و ئاینپەروەری بەرزی ( شێخ حەسەنی قەرەچێوارە) ، لە ساڵی **1921** بۆ یەکەمجار چاوە گەش و نەترسەکەی لە (قادرکەرەم)ی لانەی سەرهەڵدانی دەیان نیشتمانپەرو رۆشنبیرو شاعیرو نووسەرو زانای ئاینیی هەڵهێناوە ، هەر لە منالییەوە بیریی نەتەوایەتیی و نیشتمانپەروەریی لە دڵ و دەروونیا وەک گولیلکە پایزەی گەرمیان چۆن لەگەڵ شنەبای فێنکی پایزانا بە خونچەیی لە خاک سەردەردێنێ ، ئاوهاش بیرو باوەری کوردایەتیی لە دڵ و دەروونی شێخ مارفدا هەر لە منداڵییەوە نەشونمای کردووە. لە سەرەتاوە بە خۆشەویستیی قادرکەرەم دەستی پێکردووە کە لە سەرەتای پارچە شیعرێکیدا دەڵێت :

**ئەی قادرکەرەم لانەی منداڵیم        تۆماری ژینی گشت خۆشی و تاڵیم**



ئارامگەی شێخ حەسەنی قەرەچێوارو شێخانی بەرزنجی لە قادرکەرەم (ساڵی 1965)

لە ناو کۆڕی بەسۆزی مەجلیسی شێخ عبدولکەریمی قادرکەرەم 3 (باوکی شێخ مارف) کە نموونەی نیشتمانپەروەریی و یەکەم باوەڕپێکراوی شێخی نەمر ، شێخ مەحموودی حەفید بووە ، شێخ مارف لەسەر

دەستی باوکیی یەکەم وانەی خۆشەویستیی خاک و نیشتمانپەروەریی فێربووەو تاکو کۆتایی ژیانی پڕ لە خەبات و کۆششی بێوچانی بۆ گەلەکەی هەوڵی داوەو هەر لەوپێناوەشدا سەری بەرزی کردە قوربانی .



له ڕاستەوه بۆ چەپ ( خەلیفە سەید محەمەدی قەڵامکایل – شێخ مارف – شێخ بابا ڕەسوڵ – پۆلا شێخ مارف – پێنجەم کەس ناناسم) ئەم وێنەیە لە ساڵی 1954 نزیک گوندی تاوێربەرز لەسەر ڕێگەی کەرکووک بۆ قادرکەرەم گیراوە./4

باوکی شێخ مارف جگە لەوەی کە شێخی ئیرشاد و نیشتەجێی شێخ حەسەنی قەرەچێوار بووە ، هەمیشە کۆڕی مەجلیسی تژیی بووە لە شاعیرو ئەدیب و دەفژەنی دەنگ خۆش وبەناوبانگ ، وەک ( مەلا برایم حەزین و فەقێ سمایل5 ) ، کە بێجگە لە خوێندنیی ستایشی ئاینیی ، گۆرانی و شیعریشیان بە دەفەوە گووتوە ، شێخ عبدولکەریم وشکە موسوڵمان نەبووە ، بەڵکو شێخێکی زاناو پاک ئایین و تەرپۆش و ڕوو خۆش و قسەو گفتوگۆ شیرین بووە ، هەمیشە بە سەدان کەس لە دەوری کۆبوونەتەوە بۆ گوێگرتن لە ئامۆژگاریی و وتە بەنرخەکانی دەربارەی ئایین یان گرفتی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ، شاعیرێکی بەتواناو زمانزان و ئەدیبێکی پایەبەرزی ئەو سەردەمە بووە ، توانای تەواوی بەسەر زمانەکانی عارەبی و تورکی و فارسی هەبووەو بەهەموو ئەو زمانانەش شیعری نووسیوە ، شیعری غەزەل و ئاینیی زۆرەو هەمیشە حەزی بە کۆڕی شیعرو گۆرانی و قسەی نەستەق و مەجلیسی هەمیشە گەرم و بەتام بووە ، لە پارچە شیعرێکیدا کە بەسەر شێخ حەسەنی قەرەچێواردا نووسیوێتی دەفەرموێ:

سوڵتانی منە شاە حەسەنە پیری قەدیمە      دەرگاهی ئەوە "طورە" چون مووسای کەلیمە

دەبینن هەر خەستە دڵێ بێننە دەرگای      ئەحیایە ئەگەر سەدکە وەکو "عظمي" رەمیمە**

شێخ مارف لە باوەشی ئەو چەشنە مەجلیسەدا بیروو هزریی وەک نەمام چرۆی کردووەو یەکەم بنەوانی نیشتمانپەروەریی لەوێوە هەڵبەست و کوردستان بووە خولیای ڕۆژانەی ،تاکو مۆمی تەمەنی لەو پێناوەدا تووایەوە و بووە قوربانیی خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەی.

لە مێژە ئارەزووم دەکرد کە شتێک لەسەر ئەم شەهیدە بنووسم بەڵام بەراستیی نەمدەوێرا خۆم لەقەرەی ئەم جۆرە نووسینە بدەم لە ترسی ئەوەی نەتوانم شتێکی وا بنووسم شایانی ئەم سوارچاکەی ڕێگەی پرستەم و

خەباتی نەپساوەی ئەو پیاوە مەردە بێت ، کە گرۆکڵپەی خەباتی بەردەوام بوو تاکو دووا هەناسەی تێکەڵ بە بۆنی خاک و درەختی کوردستان کرد، بەڵام ئەمجارەیان خۆم پێنەگیرا بە تایبەتی کە ساڵیادی شەهیدبوونیی دەکاتە **42** ساڵ لەمەوبەر و هەر لە تەمەنی **42** ساڵەشدا بوو کە بە دەستی چەپەڵی بەعس و بە دەسیسەی تۆرانیەکان لەگەڵ **27** هەڵۆی ئەم کوردستانە لە **23-06-1963** لە شەققەی باڵیانداو لەسەر بەرزترین لووتکەی سەروەریی نیشتنەوە ، و تاجی هەمیشەیی سەروەرییان لەسەرنا ، گیانی پاکیان ئامێتەی خاکی پیرۆزی کوردستان بوو. شێخ مارف لە وەسێتنامەکەیدا کە بۆ خێزانەکەی و منداڵەکانی و خزمەکانی شەوی **23/22-06-1963** لە بەندیخانەی کەرکووکەوە ، نووسیویێتی و دەفەرموێ ((**بۆ خزمەکان و خوشك و براکانم ، کورو کچەکانم و هاوسەرەکەم ، خاڵی فەرەیدون ، خواتان لەگەڵ ، بە زوڵم لە سێدارە درام و بە شەریفیی ژیام و بە شەریفییش دەمرم ، شێخ ئیبراهیم و شێخ مەحموود و کاك نازم ئاگاتان لە منداڵەکانم و هاوسەرەکەم بێت ، من شادمانم کە تاوانێکم نەکردووە ، بەڵکو من شەهیدم** ، ***خواتان لەگەڵ*** ، *مەعروف بەرزنجی 23/22-06-1963 بەندیخانەی کەرکووک 6*)) شێخ ئەوەی لە بیر کردووە کە گەورەترین تاوانی ئەوەیە کە " **کـــــــــوردە** " و کوردێکی بەشەرەف و چاونەترسە و لە دژی ئەوان بۆ گەلەکەی دەجەنگێت ، ئیتر بەلای دوژمنانەوە گرنگ نەبووەو نییە گەر تاوانی کردبێت یان نا ، گرنگ بەلای دوژمنەوە ئەوەیە دەنگی ئەوو هاورێکانی کپکات.....شێخ مارف نەک تەنیا هەر شۆرشگێرێکی کورد پەروەر بووبێت و تەنیا خەباتیی سیاسیی کردبێت ، بەڵکو لە مەیدانی ئەدەبیاتیشدا دەستێکی باڵای هەبووە ، جگە لە شیعر کە لەسەرەتای ژیانیدا بە شیعر نووسین دەستی پێکردووە ، لە بوارەکانی چیرۆک ، وەرگێران ، رەخنەی ئەدەبیی ، شانۆ نووسین ، وتاری سیاسیی ، لێکۆڵینەوە و رۆژنامەوانی دەستێکی باڵاو قەڵەمێکی بە بڕشتی هەبووە. پارێزەرێکی بە تواناو یاسا ناسێکی بلیمەت ، بەرهەمەکانی لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە بڵاو کراوەتەوە وەک ( شەفەق ، هیوا ، رووناهی ، ئازادی و باسەرە ..تد) ، و لە دەستەی نووسەران و دامەزرێنەرانی هەندێک لەو بڵاوکراوانەش بووە ، زۆربەی بابەتەکانی بڵاوکراوەی (باسەرە) کە شەهید مامۆستا شاکر فەتاح دەریدەکرد ئەو کاتەی کە بەرێوەبەری ناحیەی قادرکەرەم بووە ساڵی **1942** ، شێخ مارف بە دەستی خۆی نووسیوێتی و بەشداری تەواوی کردووە لە هەموو رووپەکەوە. گۆڤاری شەفەق کە لە ساڵی **1957** لە کەرکووک دامەزرا شێخ مارف لەگەڵ ( شێخ عبدوالقادری شێخ محەمەد ، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد ، مامۆستا د. مەعروف خەزنەدار ، مامۆستا سەمەد خانەقا و مامۆستا عەلی باپیر ئاغا) دا ئەو گۆڤارەیان هێناوەتە بەرهەم ، شێخ مارف تەنانەت لەو چوار ساڵەی کە لە بەندیخانەکانی بەغداو موسڵ و کەرکووکیش بووە لە نووسین نەک پەکی نەکەوتووە بەڵکو دوو ئەوەندەی کە لە دەرەوەی بەندیخانە بووە بەرهەمی نووسینی زیاترو بەهێزتر بووە. لەم کورتە نووسینەدا ناتوانرێت باسیی لایەنەکانی ژیانی ئەم شەهیدە بکرێت ، بەڵام ئەم چەند دێرە وەک وەفایەک و پێزانینێک بۆ کەسێک کە هەموو ژیانی خۆی کردە قوربانیی بۆ گەلەکەی ، شێخ مارف و هاورێکانی بەو بیانووە دەستگیر کران گوایە دەستیان لە رووداوەکەی **1959** ی کەرکووک ، لە نێوان تۆرانیەکان و کورد هەبووە بەڵام ئەم پۆلە گەنجە دوورو نزیک هیچ پەیوەندییەکیان بەو مەسەلەیە نەبووە ، بەڵکو ئەوە پیلانێکی گڵاوی تۆرانییەکان و کۆمپانیای نەوتی کەرکووک بوو بۆ لەناوبردنی ئەو کوردە نیشتمانپەروەرانەی کە تۆرانییەکان وکۆمپانیای نەوتیش باش دەیانزانیی ئەو پیاوە شۆرشگێرانە چ تەگەرەیەکن لە رێگەی ئەواندا لە کەرکووک..شێخ مارف لە یادداشتەکەیدا کە لە بەندیخانەی بەغدا رۆژی **21-07-1960** نووسیوێتی دەڵێت (( *ئێمە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک گرتووینی ، ئەگینا نەک هەر بێ گوناە و بێ تاوانین ، بەڵکو دوژمن ترین کەسێکین بەرامبەر بە هەموو تاوانێکی راستەقینە*)) لە هەموو

نامەکانیاندا شێخ مارف و شێخ حوسێنی برای ناردوونی بۆ دەرەوەی بەندیخانە ، بۆ چەندین جار دووپاتیان کردۆتەوە کە پێوەندییان بە هەراکەی کەرکووکەوە نەبووەو نییە ، بەڵام باڵا دەستیی تۆرانییەکان لەو سەردەمەدا و پشتگیریی کردنیان لە لایەن کاربەدەستانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک کە زۆربەیان هەر تۆرانیی بوون وایکرد کە بە ناهەق ئەو 28 تێکۆشەرە لە سێدارە بدرێن ، لە کاتێکدا خەڵکی کەرکووک فرمێسکی گەرمی دەباران بۆ ئەو پۆلە شەهیدە ، لە هەموو کۆڵانێک و ماڵێکدا شینی بۆ دەگێڕان ، تۆرانییەکان ئاهەنگ و شایلۆغانیان بە دەوری تەرمەکانیاندا دەگێڕا ، ژنە تۆرانیی هەلهەلەو شیرینیان لەناو خۆیاندا دەبەخشییەوە ، ئەو تۆرانیانە لەوەتەی هەن ئێستاشی لەگەڵدا بێت دوژمنی سەرسەختی کوردن ، هەتا دونیاش مابێت لە هەلێک دەگەڕێن دژی گەلی کورد ، تاکو وەک مار بە کوردەوە بدەن .

ئەی شەماڵە فێنکەکەی دەشتەکەی کەرکووک و گەرمیان ، بزەو خەندەی سەر لێوی بێنەواکانی قەڵامکایل و چەمسورخاو و قەشقە و وێڵە و قەرەچێوار و هەموو گەرمیان ، سوارچاکی مەیدانی خەبات و کۆڵنەدان ، لەم ڕۆژە پڕ لە تاڵیی و پەژارەدا هەر ئەوەندەم لە دەست دێت کە سەری ڕێزو خۆشەویستیی بۆ تۆو هاوڕێ شەهیدەکانت نەوی کەم ، لە دەشتەکەی "بێلان 6"ەوە چەپکێ گوڵە خاتوونەی سووری بەهاری دڵڕفێنی ئەو کوردستانەی ڕۆحی خۆتت کردە قوربانی و لە باخەکەی "کوور 8"ەوە لە هەموو ڕەنگێک چەپکێ گوڵەباخی بۆن خۆشت بۆ بچنم ، تاجە گوڵێکی بە ڕەیحانەو سەوڵی بێستانەکانی لێواری باسەرە نەخشێنرابێت ، 28 شەمامەی بۆنخۆش کە تازە ماتەی دابێت ، لە سەر ئارامگەی تۆو یەکە بە یەکەی هاورێکانت لە گۆڕستانی شەهیدانی شێخ محیەدین لەبەر تەکێ دابنێم ... وا هەست نەکەن ئێوەمان لە یاد نییە ، تاکو کورد مابێت ناوی ئێوە بەرزو پیرۆز رادەگێرێت. ئەی شەهیدانی هەمیشە لە یاد ، ئارام و ئاسوودە و دڵنیابە کە وەجاغ ڕۆشنی بەو نەوانەی کە لە پاش خۆت بەجێمان ، کوڕو کچی خزمەتگوزارن بە گەلەکەیان ، سوپاس بۆ یەزدان و ئەو دایکە کە پەروەردەی کردن و بە شیریی حەڵاڵیی کوردایەتیی و مەردایەتیی گۆشیکردن ، نەوەکانت شانازیی بە تۆوە دەکەن و ڕێگەی تۆیان گرتۆتەبەر ، لە خزمەتی گەلی کورددا درێغیان نەکردووەو نایکەن ، ئاسوودە بە کە چوومەوە بۆ قادرکەرەم بە یادی تۆو شێخ حوسێنی برات و هاوەڵە سەربەرزەکانت لە گوێ چەمی باسەرە تاوێک بە تاسەوە لە سەر تاوێرەکەی گۆمە گەورە شیعرە بە سۆزەکانت بۆ خەڵکی قادرکەرەم و گەرمیان دەخوێنمەوە ، دوو خوولیش بەدەور مەرقەدەکەی پیری قەرەچێواردا ئەخۆم بە یادی تۆ ، ئاخ خۆ لەوەش زیاترم پێناکرێت......

***بۆ یادی ئەو پۆلە شەهیدە داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە شاری کەرکووک و لە جێگایەک کە شایستەی ئەو شەهیدانە بێت پەیکەرێک کە هێمابێت بۆ ئەو سەربەرزانە درووست بکرێت ...هەروها داواکارم لە بنەماڵەی شەهید شێخ مارف کە هەوڵبدەن رێکخراوێکی خێرخواز دابمەزرێنن بە ناوی شێخ مارف بۆ خزمەتی هەژارەکانی کەرکووک و گەرمیان و ناوی قوتابخانەیەک یان هەر دەزگایەکی دیکە لە قادرکەرەم ناو بنرێت بە ناوی شێخ مارفەوە ، ئەو پیاوە هەقی لەسەر سەرجەمی خەڵکیی کوردستان بە گشتیی و کەرکووک گەرمیان بە تایبەتیی هەیە...***

---

1 . ئێمە ئەگەر گوڵیش نەبین ، ئەبینە گڵ بۆ گوڵ : وتەیەکی خودی شێخ مارفە لە کتێبی *سەرجەمی بەرهەمەکانی مارف بەرزنجی شەهید* ، نووسراوە ، لە کۆکردنەوەو رێکخستنی ، سامان مارف بەرزنجی و عومەر مەعروف بەرزنجی ، لەچاپخانەی رۆشنبیریی لە هەولێرچاپکراوە ساڵی 1993 لاپەڕە 385.

2. زۆربەی ئەو کەسانە ئێستا لە ژیاندان کە شێخ مارف ئەو گوتەیەی لە بەردەم ئەواندا وتووە لە کەرکووک.

3. شێخ عبدولکەریم بەرزنجی : باوکی شێخ مارفە ، خۆشەویست و باوەرپێکراوو راوێژکاری شێخ مەحموودی حەفید بووەو لە زۆربەی کارە هەستیارەکاندا شێخ مەحمود ڕای شێخ عەبدولکەریمی وەرگرتووەو بە خاڵۆی موحتەرەم ناوی بردووە ،و چەندین نامەی لەو بابەتەی بۆ نووسیوە ، سەرچاوەی پێشووی 1 ، بڕوانە لاپەرەی 62 و 63 نامەکانی شێخ مەحموودی نەمر بۆ شێخ عەبدولکەریمی قادرکەرەم .

4. کەسەکانی ناو وێنەکە :**خەلیفە سەید محەمەدی قەڵامکایل** ، پیاوێکی ئاینیی ناوداری گەرمیانەو خەلیفەی پیری قەرەچێوار بوو ، پیاوێکی پایەبەرزی ناوچەی قادرکەرەم و عەشیرەتی شێخان بوو ، کە لە ساڵی 1956 لە نەفتخانەی (بانەبۆر) نزیک خانەقین ، لەو کاتەی ئینگلیزەکانی کۆمپانیای نەوت مەنجەنیقیان (ئاگر) دروووستکرد بۆ برا گەورەی شێخ مارف ( شێخ محەمەدی شێخ عەبدولکەریم کە شێخی ئیرشاد بوو) یەکەم کەس بوو چووە ناو مەنجەنیقەکەی ئینگلیزەکانەوە ، ئەم پیاوە پایە بەرزە لە ساڵی 1965 لە کەرکووک کۆچیی کردو ئارامگاکەی لە نزیک مەزاریی شەهید شێخ مارف و هاورێکانێتی لە گۆڕستانی شێخ محیەدین.. ، **شەهید شێخ مارف** ، ( **شێخ بابا ڕەسوڵ شێخ محەمەد**) برازای شێخ مارفە ، شێخ بابا ڕەسوڵ پیاوێکی لێهاتوو زیرەک و قسەخۆش و بەرێز بوو ، شێخ بابا بە پیشە (مەساح) بوو لە شەریکەی مقاوەلات لە کەرکووک و تاکو بلێی نیشتمان بەروەرو پیاوچاک بوو ، وا بزانم لە کۆتایی ساڵەکانی 80 کان لە کەرکووک کۆچی دوایی کرد.، **منداڵەکە پۆلای کوڕی شێخ مارفە** ، پۆلا مرۆڤێکی وریاو ڕوشەنبیرەو وەک باوکی نیشتمانپەروەرو کوردێکی دڵسۆزە ، ئێستا لە وڵاتی (سوید) دەژیت ، بەداخەوە **کەسیی پێنجەم** لە وێنەکەدا ناناسم کێیە... .

5. مەلا برایم حەزین و فەقێ سمایل: دوو پیاوی زاناو دەنگ خۆش و دەفژەنێکی هونەرمەندو بە توانا بوون ، زۆربەی شیعرەکانی کەڵە شاعیرەکانی کۆنیان لەبەر بوو بە تایبەت شیعری غەزەل و ئاینیی ، جگە لە شیعری کوردی کوردی دەیان شیعریی شاعیرە گەورەکانی (فارسی و تورکی و عارەبی)یان لەبەربوو بە ئاوازی بەسۆزو ناڵەی دەفەوە دەیانخوێندەوە ، شەوانە لە مەجلیسی پڕ لە سۆزیی دەروێشیی و ناڵەی دەنگی تەپڵ و دەفدا کۆڕی مەجلیسی شێخ عەبدولکەریمدا بە دەنگی زوڵاڵیان کۆڕی مەجلسیان وا گەرم دەکرد مەگەر هەر ئەو دوو پیاوە دەنگ خۆشانە بتوانن بەو چەشنە ئەو هەموو خەڵکە بێننە جۆش و خرۆش ، مەلا برایم حەزین تا ساڵەکانی شەستەکانیش سەردانی قادرکەرەمی ئەکرد بۆ سەردانی شێخ ئیبراهیم و خۆم بە خزمەتی ئەو پیاوە گەیشتووم ، مەلا برایم باوکی هونەرمەند (حەمە سەعیدە) کە ئێستا لە هەولێر دەژیت ، فەقێ سمایلیش تا ساڵەکانی سەرەتای هەشتاکان لە سلێمانی مابوو و چەندین جار خۆم لەو کاتەی سەردانی قادرکەرەمی دەکرد بۆ خزمەت شێخ ئیبراهیم بەرزنجی گوێم لە فەقێ سمایل گرتووەو تا ئێستاش بە کاسێت دەنگی ئەو بلیمەتەم پاراستووە.

6. رژێم رێگەی نەداوە کە وەسێتنامەکەیان بە کوردیی بنووسن و هەموو شەهیدەکان بە ناچاریی بە عەرەبی نووسیویانە ، بەڵام من وەرمگێڕاوە بۆ کوردی.هەمان سەرچاوەی پێشووی 1 ,لاپەڕە 3 .

7. بێلان : دەشتاییەکە دەکەوێتە سەرووی قادرکەرەم و لە بەهارانا وەک فەرشی رەنگاورەنگ پڕ دەبێت لە گوڵی هەمە چەشنە و زۆرجاریش شێخ مارف و گەنجەکانی قادرکەرەم بۆ سەیران و سواریی ئەسپ دەچوونە بێلان..

8. کوورە : باخێکی زۆر خۆش و دڵگیرە دەکەوێتە نزیک گوندی قەرەچێوار ، جگە لە میوەی هەمەجۆر بە تایبەت سێوەلاسوورە (شەکرە سێو) سەرتاسەری باخەکە پڕ بوو لە گوڵەباخ ، ئەم باخە موڵکی بنەماڵەی بەرزنجی یە. ** ئەو بەیتە شیعرەم لە خوالێخۆشبوو " شێخ ئیسماعیل شێخ عەبدولکەریم " بیستووە بە داخەوە هەر ئەوەندەشم لە یاد ماوە ، شێخ ئیسماعیل ، براگەورەی شێخ مارف بوو پیاوێکی مەزن و زانا بوو لە دەرمانسازیی کوردەواریدا دەستێکی باڵای هەبوو ، چەندین دەرمانی لە گیای سروشتیی چیاکانی کوردستان درووستدەکرد و خەڵکێکی زۆری کورد هەمیشە سەردانیان دەکرد و جۆرەها نەخۆشی چارەسەر دەکرد بە بێ هیچ پاداشتێک ، بە تایبەتیی نەخۆشییەکانی پێست ، باوکی بەرێز "کاک شاهۆ"یە کە ئەویش لە باوکیەوە فێری دەرمانسازیی بووە و ئێستا لە شاری هەولێری خۆشەویست دەژێت ، شێخ ئسماعیل جگە لە دەرمانسازیی ، زمانی عارەبی و تورکی و فارسی زۆر چاک دەزانی زۆربەی شەوان لە قادرکەرەم لەدەوری کۆ دەبووینەوە تاکو کتێبی "گولستان" مان بە فارسی

بۆ بخوێنێتەوەو ماناکانیمان بۆ شیبکاتەوە ، شێخ ئیسماعیل چاکترین نێچیرەڤانی ناوچەی گەرمیان بوو، هەزاران سەڵاو لە گیانی پاکی ئەو پیاوە مەزنە بێت.